# عەلی سیاسی نیشتمانپەروەرێكە بوختانی بۆ دروست مەكەن ... شاسوار كەركوكی

لەم چەند رۆژانەی رابردوودا دوو بەڕێز (جەمال فەتاح) و (شێرزاد شوانی) بە دوو وتاری شەڕئامێز لەسەر عەلی سیاسیان نووسی، كە دوو وتارەكەم خوێندەوە، دڵنیابووم كە ئەو دوو بەڕێزە عەلی سیاسی ناناسن، دەنا بەم شێوەیە رەخنەیان لی نەدەگرت، ئاخر گەر بیانناسیبایە چۆن دڵیان دەهات كەسێكی وەكو عەلی سیاسی دڵبریندار بكەن و تەنانەت بوختانیشی بۆ دروست بكەن.

عەلی پێشمەرگەیەكی تێكۆشەری سالانی هەشتاكان بووە، لە هەموو ژیانیدا یەك چركە سات نەك لەكەڵ رژێمی بەعس هەڵی نەكردووە، بەڵكو هەمیشە دژی رژێم بووە، تەنانەت لە ئێوەش (جەمال و شێرزاد) زۆر زۆر تێكۆشەرتربووە، رۆژێك لە رۆژانیش وەكو ئێوە چاوەڕوانی لوقمێكی نەكردووە، ئاگادارم جەمال بەو قسانەی دەینووسێت بۆ ئەوە دەینووسێت تا داوەتی كوردستان بكرێت، بەڵام كاكە بۆ لەسەر حیسابی خەڵك داوەت بكرێیت، ئەوە حەمە سەعید چەند جارە داوەت بكرێت و ئێستاش لە كوردستانە، وەلی چونكە حەمە سەعید رۆشنبیرە لەگەڵ ئەو جۆرە گرتنەی كەمالی سەید قادر نییە، رۆشنبیر بەوە رۆشنبیرە هەڵوێستی جوانمەردانەی خۆی هەبێت، عەلی زۆر دۆستی عومەر فارسە، بەڵام تێبینی خۆی لەسەر كاك عومەر فارس نووسیو كاك عومەریش خۆی بۆی بڵاوكردەوەو دەتوانم بڵێم كاك عومەر سوودیشی لە تێبینییەكەی عەلی سیاسی وەرگرت، چاكیشی كرد.
بۆچی كاك جەمال پێت وایە هەرچی پارتی بێت دەبێت لەگەڵ بیسەروشوێنكردنی كەمال سەید قادر بێت؟؟؟ئەمە تۆ لە كوإ دەژی؟؟؟ كلینتۆنت نەبینی خۆی هاتە بەردەم دادگا؟؟
سەدامت نەبینی دوای ئەم هەموو تاوانانەی چۆن خۆی هەر بە سەرۆك دەزانی. . بارزان تكریتی دوای ئەم هەموو تاوانەی یارمەتی دەدەن لە نەخۆشخانە چارەسەری بكەن، ، دنیا گۆڕاوە برا، سەردەمی ئەنفالكردنی خەڵكی بەسەر چوو، دادگا هەیە، با دادگا حوكمی خۆی بكات. بورهان یاسین و حەمەسەعیدو عەلی سیاسی كەسانی باشن، بۆ پارووە نانێك ناووناتۆرەیان لی مەنێن، ئاخر لای ئێوە هێشتا مەلیك ماوە.

عەلی نەبوایە رێكخراوی ئاوارەو ئەنفالەكان لە كوردستان دروست نەدەبوو، كاتێك عەلی رووی لە هەندەران كرد ئەو رێكخراوە مرد، بەڵام تا عەلی لە كوردستان بوو چالاكترین رێكخراو بوو، دەیان خۆ پیشاندان و سیمینارو فیستیڤاڵی ئەنجامدا، ئەی پێم ناڵیی تۆ لە كوإ بووی؟!!

هەر ئەو سایتەی عەلی بەرێوەی دەبا بە قەد دە پشت خەباتی ئێوەیە، سەرباری ئەوەش عەلی رقی لە پارتی نیە، حەمەسەعید رقی لە پارتی نیە، بورهان یاسین رقی لە پارتی نیە، بەڵكو ئەوە ئێوەنە، بە رەفتارە ناشیرینەكانتان رۆشنبیران لە پارتی زویر دەكەن، بۆ ئەوەی جێگەتان ببێتەوە، بەڵام ئەمجارەش دەیڵێمەوە بۆ لەسەر حیسابی خەڵكی دیكە.
ئەگەر هەر بۆ داوەتێكیش ئەم شەرە خۆ ترێنە دەكەی، كەمێك ئاقڵانە بیر بكەوە، تا دوو قسەی خێرت بۆ بكەین!!!!